هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە
ژمارە (٢٠١) یەکشەممە ١٣-١-٢٠٠٨

# رۆژی گەل
# Rojî Gel

## ئامانجی بووش لەعێراق بە ناکام دادەنرێ

سەناتۆر هاری رید، رێبەری زۆرینەی دیموکراتەکانی سەنای ئەمریکا لە وتووێژ لەگەڵ ئاسۆشێتێد پرێس گوتویەتی : بڕیاری جۆرج بووش بۆ ناردنی هێز بەرەو عێراق هەڵە بوو ، چونکە سەرکۆماری ئەمریکا تەنیا بە پشت بەستن بە بە خەیاڵەکانی خۆی کە پێی وابوو لە عێراق سەردەکەوێ هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە .

ل3
بۆ مادەی ١٤٠، هاوپەیمانی کوردستان پەنا بۆ دادگەی فیدراڵی دەبات!




ل4
٤٨ ساڵە هاوپشکی لەگەڵ عەرەبانەکەیدا دەکات



ل5
ئایا ئەمریکا لە جەنگی دژە تیرۆردا سەردەکەوێ؟!



# نامەکەی سەرکردایەتی کورد بۆ مالکی چاو لە ماددەی ١٤٠ دەپۆشێ

سەرچاوەکانی هەواڵدەری جیهانی ئاشکرایان کردووە کە لە کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٠٧دا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دوای کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، لەبەرانبەر رەفتارە تاکرەوییەکانی مالکی دا نامەیەکیان بۆ رەوانە کردووە، هەرچەندە تا ئێستا راگەیاندنەکانی کوردستان ئاماژەیان بە ناردنی ئەو نامەیە نەکردووەو دەقەکەیان بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵام باس لەوە دەکرێ کە نامەکە بە هەناسەیەکی عێراقیانە نووسراوەو باس لە کێشەو گرفتەکانی حکومەتی عیراق کراوە، لە دوورو نزیکەوە ئاماژە بە ماددەی ١٤٠ و کێشەی بۆندە نەوتیەکان و موچەی پێشمەرگە نەکراوە.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیک لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە هەفتەنامەی **رۆژی گەلی** راگەیاند کە یاداشتنامەکە باس لە هاوپەیمانێتی نێوان لیستەکان دەکات و دەخوازێ کە بە خێرایی کۆنگرەی ئاشتەوایی نیشتمانی پێکبهێنرێ، بەڵام نامەکە ئاماژەی بە ماددەی ١٤٠ نەکردووە، چونکە ئەگەر باس لە جێبەجێ نەکردنی ئەو مادەیە بکرێ، ئەوە نوری مالکیش قسەی خۆی هەیە، ئەو کاتە بەشێک لە سیناریۆکانی پشتی پەردە ئاشکرا دەبن، ئەمەش لە بەرژەوەند دانیە.

هەر لەم بارەیەوە سەرچاوەکە جەختی کردەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەزانێ کە ئایەتوڵلا عەلی سیستانی پشتیوانی لە گۆڕینی مالکی ناکات، بۆیە نایانەوێ کابینەکەی مالکی هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو دەیانەوێ حکومەت ئەکتیڤ و چالاکتر بکرێ، وەزارەتە چۆلەکان پڕ بکرێنەوە و شێوازی رەفتارەکانی مالکی باشتر بکرێن، ئەمەش راستەوخۆ پێوەندی بە حکومەتی بەغدادەوە هەیە، هەربەوهۆیەشەوە لە یاداشتنامەکەدا باس لە کێشەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا نەکراوە. سەرچاوەکە جەختی کردەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە ئاکامی ئەو سەردانەی شاندی حکومەتی هەرێم بۆ بەغداد کە لە رۆژانی داهاتوو ئەنجامی دەدات، گەشبینەو پێیوایە کێشەکان یەکلایی دەکرێنەوە، گرفتەکانی بۆندەکانی نەوت و مووچەی پێشمەرگەو بودجە لەبەرژەوەندی هەرێم تەواو دەبن، بەڵام تا ئاشکراکردنی نامەکە ئەو هەواڵە پشی راست ناکرێتەوە.

## بووش لە جیاتی عێراق رێککەوتن لەگەڵ تورکیا واژۆ دەکات

**سەرچاوەکانی** هەواڵ ئاشکرایان کردووە کە لە سەردانەکەی **عەبدوڵلا گولی** سەرکۆماری تورکیا، جۆرج دەبلیو بووشی سەرکۆماری ئەمریکا لە جیاتی سەرکردایەتی عێراق رێککەوتنێکی لەگەڵ دا واژۆ کردووە، بە گوێرەی ئەو رێککەوتنە واژۆکراوە نەوتی عێراق لە رێگەی خاکی تورکیاوە رەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێ.

لە پێوەند بەو رێککەوتنە **حیلمی جۆلەر** وەزیری وزەی تورکیا بە کەناڵی سی ئێن ئێن تورکی راگەیاندووە کە رێککەوتنەکە لە واشنگتۆن واژۆ کراوە، بەو پێیە جگە لە نەوت، گازی کەرکوکیش لە رێگەی تورکیاوە رەوانەی بەندەری جەیهان دەکرێ.

چاودێرانی سیاسی وێڕای ئەوەی کە رێککەوتنەکە بە ئاوارتە دادەنێن، بەڵام پێیانوایە لە رێگەی ئەو رێککەوتنەوە پەیمانی گازی سروشتی نێوان تورکیا و ئێران هەرەس دێنێ، ئەمریکا دەتوانێ تورکیا راکێشێتە سەر رێچکەی سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرانی تورکیا ئەم رێککەوتنە بە سەرکەوتن دەزانن و پێیوانوایە کە ئەمریکا لە ناچاری بۆ تورکیا گەڕاوەتەوەو گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە بەبێ تورکیا وڵاتێکی پڕ ئاژاوەی وەکو عێراقی بۆ بەڕێوەناچێ!

## ئاڵای عێراق بە راڤەکردنێکی دیکەوە رەوانەی کوردستان دەکرێتەوە

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٠-١-٢٠٠٨ مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئاڵای عێراق کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆکی لیستەکان کرد، هەموویان هاوڕابوون کە لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ سێ ئەستێرەکەی ناو ئاڵای عێراق بکرێ. مەشهەدانی رایگەیاند کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا لە کاتێکدا هەوڵی یەکێتی لەنێوان سوریا و عێراق و میسر دەدرا، سێ ئەستێرەکە بە واتای سێ وڵاتەکە پێناسە کرا، دواتر سەدام حوسێن سەرۆکی پێشووی عێراق سێ ئەستێرەکەی بە واتای سێ دروشمەکەی حزبی بەعس راڤەکردو رایگەیاند واتای یەکێتی، ئازادی، سۆسیالیستی دەگەیەنن، بۆیە دەبێ لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ سێ ئەستێرەکە بکرێ، ئەگەر بەو پێیە بێ هیچ گۆڕانکاری لە ئاڵای عێراق ناکرێ کەچی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر گۆڕینی دەکردەوەو رایگەیاندبوو تا نەگۆڕدرێ لە هەرێمی کوردستان بەرز ناکرێتەوە.

بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، پەرلەمانی عێراق نیازی گۆڕینی ئاڵای نیەو دەیەوێ راڤەی دیکە بۆ سێ ئەستێرەکە بکرێن، بەڵام دەبێ بەکاتی، بەتایبەتی لەکاتی کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەبی کە مانگی شوبات لە هەولێر دەبەسترێ ، بەرز بکرێتەوە، کەواتە ئاکام ئاڵای عێراق بەبێ گۆرانکاری بۆ هەرێمی کوردستان رەوانە دەکرێتەوە

## رۆشنبیرانی تورک پشتیوانی لە سیاسەتمەدارێکی کورد دەکەن

پەنجا رۆشنبیری تورک کە پرۆفیسۆر، سیاسەتمەدار، یاساناس و نووسەری ناسراوی تورکیان پشتیوانی خۆیان بۆ ئەحمەد تورک سیاسەتمەداری باکوری کوردستان، پەرلەمانتاری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەربڕیوەو دژی ئەو بڕیارە راوەستاون کە دەیانەوێ حەسانەی پەرلەمانی لەسەر ئەحمەد تورک هەڵبگیرێ و دواتریش دادگەیی بکرێ.

رۆشنبیرانی تورکیا لە یاداشتنامەیەکدا داوایان لە حکومەت کردووە کە نابێ ئەحمەد تورک لەبەرانبەر بۆچوونەکانی دا دادگەیی بکرێ، چونکە ئێمەش لەگەڵ ئەودا هاوڕامانین، ئەگەر دۆزگەری ئەنکارا دەیەوێ با ئێمەش دادگەیی بکات.

رۆشنبیران وێڕای ئەوەی بڕیاری دادگەیان ریسوا کردووە، راشیان گەیاندووە کە ئەمە لەسەر داوای بیوک ئانیت و سوپای تورکیا دا ئەم داوایە قوت کراوەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئازادی رادەبڕین و سیستەمی دیموکراسییە، جێگەی ئاماژەیە کە لەو پەنجا رۆشنبیرەدا دوازدەیان بڕوانامەی پرۆفیسۆرییان هەیە و لە ناوخۆو دەرەوەی تورکیاش ناسراون. هەروەها پرۆفیسۆری نومان چۆمسکی و سەرۆکی پێنی نێونەتەوەییش بە نامە پشتیوانی خۆیان بۆ دیارکردووە.

## بەرەی تورکمانی دەڵێ: رایس پێیگوتوین کەرکوک دەکەین بە هەرێمێکی سەربەخۆ

**ئەخبار خەلیج** لە زاری سەرکردەیەکی حزبی تورکمان ئیلی نووسیویەتی کە کۆندا لیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەڵێنی پێداوین کە پارێزگاری کەرکوک دەکەین بە هەرێمێکی سەربەخۆ.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی تورکمان ئیلی کە ئەندامێکی کارای بەرەی تورکمانیە بە ئەخبار خەلیجی راگەیاندووە کە رایس لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکوک رەخنەی توندی لە سیاسەتی سەرکردایەتی کورد گرتووەو رایگەیاندووە کە ئەگەر ئەوان پێداگری لەسەر کەرکوک دا بکەن داهاتووی سیاسی خۆیان لە مەترسی دەکەوێ.

لەلایەکی دیکەوە ئەو تورکمانە ئاشکرای کردووە کە لەسەر داوای **رایان کرۆکەری** باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغداد کێشەی کەرکوک و ماددەی ١٤٠ رەوانەی دادگەی فیدراڵی کراوە. بەگوێرەی قسەکانی ئەو پێشتر رایان کرۆکەر لەگەڵ لیستەکانی بەشداربوو لە پەرلەمانی عێراق کۆبۆتەوەو پێیراگەیاندوون کە ئەگەر ئەوان دەیانەوێ ماددەی ١٤٠ زیندوو نەبێتەوە با رەوانەی دادگەی فیدراڵی بکەن.

ئەندامەکەی سەرکردایەتی تورکمان ئیلی دەڵێ: رایس لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکوک دا گوتویەتی کەرکوک دەکەین بە هەرێمێکی سەربەخۆ، هیچ پێکهاتەیەکیش بە تەنیا فەرمارەوایەتی کەرکوکی پێناسپێردرێ.

هەر لە پێوەند بە کێشەی کەرکوک و ماددەی ١٤٠ دا ئەندامێکی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکەی رایس دا نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خۆی سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا پێشاندا، هەروەها سەرچاوەیەکی نزیک لە بەرەی تورکمانی بە **رۆژی گەلی** راگەیاند کە کە ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کورد بەباشی لە سیاسیەتی ئەمریکا تێگەیشتوون و دەزانن کە کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناگەڕێتەوە، بەڵام لەم کاتەدا نایانەوێ بۆ خەڵکەکەی خۆیان ئاشکرای بکەن.

# رۆژەڤ

چەند رۆژێک لە تەمەنی ساڵی ٢٠٠٨ گوزەراوە، هێشتا نازانین رۆژەکانی ئەم ساڵەمان دژوار یان شادی هێن دەبن، بەڵام ئێمەی کوردستانی کە ساڵی ٢٠٠٧مان بە ناکامی و داخبارییەوە بەجێهێشتووە، هەموو هیواو ئاواتەکانی خۆمان لەسەر نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨دا هەڵچنیوە!!

سەردارانی وڵات وەکو ساڵانی دیکە هەر لە دەستپێکەوە هیوا بارانیان کردین و بەڵێنیان پێداین کە لە نیوەی ئەم ساڵەدا ماددەی ١٤٠ی زیندوو کراوە جێبەجێ دەکرێ، ریفراندۆم بەڕێوەدەچێ، کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە، کێشەی سووتەمەنی بە تەواوبوونی پاڵاوگەکان، کێشەی کارەبا بە تەواو بوونی وێستگە نوێکان، کێشەی نیشتەجێبوون بە تەواوبوونی یەکەکانی نیشتەجێبوون یەکلایی دەبنەوە و چارەسەر دەبن!!

هەڵبەت هیوابەخشین بە گەل کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر هیواکان بپوکێنەوەو بەڵێنەکان جێبەجێ نەکرێن ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بۆ ئەوەی هیواکانی ساڵی ٢٠٠٨ ناکام نەمێننەوە، دەبێ سەرکردایەتی کوردستان دیواری نێوان خۆی و جەماوەر بڕووخێنێ، لە پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکاندا بۆ رای گەل بگەڕێتەوەو راوێژی لەگەڵ دا بکات.

لەلایەکی دیکەوە دەنگۆی ئەمە هەیە لە چەند هەفتەی داهاتوودا کابینەیەکی ١٨ وەزیری تەکنۆکرات پێکبهێنرێ، بەڵام ئەگەر دیسانەوە لێهاتوویی و شایستەیی لە دامەزراندنی وەزیرەکان لەبەرچاو نەگیرێ، ئەگەر حکومەتی هەرێم خۆی لە دەستەڵاتی حزبی رزگار نەکات، ئەگەر سەرمایەو داهاتەکانی بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان تەرخان نەکات، ئەگەر هەنگاوی کردەیی بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی هەڵنەگرێتەوە، ئەگەر واز لە سیاسەتی جیاکاری و هاوێرکاری نەهێنێ، ئەگەر بوێرانە داکۆکی لە سەروەری نیشتمان نەکات و وەڵامی هەڕەشەو پەلامارەکانی دوژمنان نەداتەوە، ئەگەر پێداگری لەسەر مافەکانی کوردستانیاندا نەکات، ئەگەر راوەستاوانەتر لەبەرانبەر سیاسەتی فریوکارانەی حکومەتی ناوەندی هەڵوێست نەگرێ، نەک هەر ناتوانێ کێشەو گرفتەکان چارەسەر بکات، بەڵکو داهاتوویێکی تاریک پێشکەش بە گەل و نیشتمان دەکات.

کوردستانیان چاویان لە کارەکانی ئەمساڵی حکومەتی هەرێم بڕیوە، هیواخوازن ئیدی لۆژیکی زانستیانە لەبەڕێوەبردنی وڵات دەکاربکرێ، بەڵام ئەگەر ئەم کابینەیەش بە دەردی کابینەکانی دیکە ببردێ، دامودەزگاکانی بۆ ئەندامانی حزب قۆرخ بکرێ، جەماوەر ناچار دەبێ بە دوای رێگە چارەیەکی دیکەدا بگەڕێ.




## ریسواییێکی دیکەی ئەمریکا لە عێراق ئاشکرا دەبێ

پێشتر سەربازەکانی ئەمریکا بەهۆی ئاشکرابوونی رەفتارەکانیان لەگەڵ گیراوانی زیندانی ئەبوغرێب دا ئابڕوویان چووبوو، هەروەها دەستدرێژی کردنە سەر کچ و ژنانی عێراقی و کوشتنی خەڵکی سڤیل ریسواییەکانی ئەمریکای گەورەتر کردبۆوە، بەڵام لەم دواییانەدا رۆژنامەی **نیویۆرک تایمز** بڵاویکردۆتەوە کە لە مانگی ئایاری ٢٠٠٥ دا هەلیکۆپتەرێکی ئەمریکی لەسەر خاڵێکی پشکنینی ناوچەی سەوزی شاری بەغدادا گازی "**سی ئێس**"ی کیمیاوی بەسەر خەڵکدا رشتووە، بەوهۆیەوە جگە لە خەڵکی سڤیل دە سەربازی ئەمریکییش بەرکەوتوون، ماوەیەک چاویان تاریک داهاتووە، بەشێوەیەکی کاتی بینیان لەدەستداوەو پێستیان توشی سوتان هاتووە.

ئەگەر ئەم هەواڵەی نیۆیۆرک تایمز سەر راست بکرێتەوە حکومەتی ئەمریکا، بەتایبەتیش وەزارەتی بەرگری دووچاری ریسواییێکی دیکە دەبێتەوە، بەوهۆیەشەوە رووبەڕووی رەخنەو نارەزایی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ دەبێتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com